هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 39

ساڵی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ

چاپی یەکەم/ ساڵی 2007

# پێڕیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24 ل125

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو بەشەکان بکاتەوەو لێکیان بدات و هەڵیان بوەشێنێتەوە.**

**ماددەی پازدەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت و لەسەر وەزارەتەکان پێویستە حوکمەکانی جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی شازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاَوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێزان پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارو کارباری کۆمەلاَیەتی لە هەرێمی کوردستان بدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلاَیەتی و یەکە یەکە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان, ئێستاش بفەرموون بۆ خوێندنەوەی خالَی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**یاسای ژمارە (   )ی سالَی 2006**

**یاسای وەزارەتی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەو دەستەواژانەی لە خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بە مەبەستی ئەم یاسایە :-**

**1-هەرێم / هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**2-وەزارەت / وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.**

**3-وەزیر / وەزیری شارەوانیەکان لە هەرێمدا.**

**4-بریکاری وەزیر / بریکاری وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.**

**5-ئەنجومەن / ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە :-**

**1-پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی ناوخۆیی و شارەوانی بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان لە ئاوی بێگەرد و دابین کردنی پێداویستیەکانی خەرجی تەندروستی و ئاوی باران و بنیاتنانی ڕێگاوبان و پرد و خەرج کردن لە ناو سنووری شارەوانیەکان و پەرەپێدانی خزمەت گوزارییە هەمەجۆرەکانی شارەوانی لە لایەن چەندایەتی و چۆنایتیەوە، بۆ ئەوەی شار و شارۆچکەکان بگرێتەوە، و بە دەنگ پێداویستیەکانی هاوولاَتیانەوە بن لە دابین کردنی باخچەو یاریگاکان و هینانە دی پێداویستیەکانی دەوروبەرێکی پاك و تەندروست.**

2-یارمەتیدانی پلاندانان و کارگێڕی و جێبەجێ کردنی بە جۆرێك بەشداری بکات لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوخۆ لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی کاریگەر لە بەکارهێنانی زەوی و پلانی بنیاتنان.
3-کارکردن لەپێناوی ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە کەرتەکانی پەیوەست بەکارەکانی وەزارەت.

ماددەی سێیەم :

1-وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و سیاسەتەکانی ئاڕاستە دەکات و لێیەوە دەردەچێت و بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە وەزارەت و دامەزراوەکان و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەکان بە پێی یاسا جێبەجێ دەکات.
2-بریکاری وەزارەت: لە ئاراستە کردنی وەزارەت و چاودێریکردنی کاروبارەکانی بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی سپێردراوە هاوکاری وەزیر دەکات، دەبێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بێت.
3-ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس پتر نەبێت، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆبن و پسپۆر و خاوەن ئەزموون بن، پسپۆرایەتیەکەیان لەلایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێت.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لەمانە پێك دێت :-

1-وەزیر: سەرۆك
2-بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆك
3-نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام
4-نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام
5-نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام
6-نوێنەری وەزارەتی ژینگە: نابێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت/ ئەندام
7-بەڕێوەبەرە گشتیەکان: ئەندامن
8-هەر ڕاوێژکار و پسپۆڕیکی لێزان کە وەزیر لە ناوەوە و دەرەوەی وەزارەت هەڵی دەبژێرێ: ئەندامن

دووەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بەلای کەمی هەرسێ مانگ کۆبونەوەیە کی ئاسایی گرێ دەدات، یان هەرکاتێك پێویست بوو، ئەو کۆبوونەوەیە گرێ نادرێ تەنیا بە ئامادەبوونی سەرۆك یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت لەم دامەزراوانەی خوارەوە پێك دێت:

1- سەنتەری وەزارەت لە مانە پێك دێت.

أ- نوسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات وچەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

ب- نوسینگەی بریکاری وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆ بەڕێوەی دەبات وچەند فەرمانبەرێك هاوكاری دەكەن.

ج- فەرمانگەی یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی پشكنین.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.

و- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەكان.

ز- بەڕێوەبەرایەتی تەكنۆلۆژیای زانیاریەكان.

ح- بەڕێوەبەرایەتی پەرەسەندنی كارگێڕی وهونەری.

2- بەڕێوەبەرە گشتیەكان:

أ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێری ودارایی (دیوان) كە لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی كاروباری كارگێری وكارمەندان.

دووەم: بەرێەبەرایەتی كاروباری دارایی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەكان.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی وردبینی وچاودێری دارایی.

ب) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچون لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان ولێكۆڵینەوەكان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی خزمەتگوزاریەكانی شارەوانی.

ج) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی بیناكردن كە لەمانە پێك دێت:

1- سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی لیكۆڵینەوەو توێژینەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی و بنچینەیی و بە دووورودرێژی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچوونی جێبەجێكردنی نەخشەسازیەكانی دووورودرێژ.

2-بەڕێوەبەرایەتیەكانی پلاندانانی بیناكردن لە پارێزگاكانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك) پێیەوە دەلكێن.

د) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەكان لەمانە پێك دێت:

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوەو نەخشەسازیەكان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵی چۆنایەتی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی پرۆژەكان.

هـ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی وئیشغال لە پارێزگاكانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك) هەر بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی لە مانە پێك دێت:

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی وئابووری.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان وبەدواداچوون.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شارەوانیەکان.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاووئاوەڕۆکان.

شەشەم: ئەو فەرمانگانەی لە خوارەوە هاتوون بە بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی شارەوانی وئیشغالی گشتی لە هەر پارێزگایەك دا دەلکێندرێن.

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان لە پارێزگادا.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی ناو سەنتەری پارێزگاکە.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەورووبەر.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی پارێزگا.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی باخچەو پارکەکان.

و) سەرۆکایەتی شارەوانی لەهەرپارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم: سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی شارەوانی سەرۆکایەتی دەکات وبەپلەی (بەڕێوەبەری گشتی) دەبێ و ڕاستەوخۆ بەوەزارەتەوە پەیوەستە.

ماددەی شەشەم: وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسایەتی سروشتی ومەعنەوی لە لێزان وپسپۆرلەناو هەرێم ودەرەوەیدا گرێبەست مۆر بکات، بۆ ئەوەی گرنگی وئەرکەکانیان پێ بسپێرێ، بۆ ئەو ماوەیەی کە پێی باش بێت لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت و ماف و پابەندیەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکات، دوای ئەوەی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەردەگیرێ.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: بە پێی پەیڕەوی تایبەتی وەزیر گرنگی و پسپۆریەکانی دامەزراوەکانی وەزارەت دەستنیشان دەکات، وبەشەکان وئەرك وهۆبەو یەکەکانی دیکە دیار دەکات.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستی دا بەڕێوەبەرایەتی وبەشەکان وهۆبەی تازە دابهێنێ یان لێکیان بدات ویان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

ماددەی هەشتەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنماییەکانی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی نۆیەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان وگەشت وگوزاری ژمارە (15)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی دەیەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە جێبەجێ دەکرێ.

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرکردنی یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان وگەشت وگوزاری ژمارە(15) ی ساڵی 1992 دا تێپەریوە، لەبەر ڕێکنەکەوتنی لەگەڵ پێداویستیەکانی بارودۆخی ئێستای هەرێمی

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## دوو شەممه ڕێكەوتی 2\4\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/4/2

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/4/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (3)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنیەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی مادده 20 له پیڕەوی ناوەخۆی ژماره (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژماره (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/4/2 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی له هەرێمی کوردستان.

بەخێر هاتنی کاك سەعد دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان زۆر بەخێر بێت سەرچاو، داوا له لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی دەکەین بفەرموون بێن لێره دابنیشن، بەخێر هاتنی خاتوو فەلك ناز دەکەین ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، که لەسەرەوه لەگەڵمان بەشداره، ئەوه هەفتەیەکه لێرەیه، لەگەڵ ئەو برادەرانەی لەگەڵینه زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، ئەندامانی بەڕێز، لەبەر ئەوەی وەزیری شارەوانی له دەرەوەی هەرێمه نەیتوانی بێت و عوزری بۆ ناردووین، گوتیشی ئەگەر بۆم بکرێت خۆشم حازر دەبم، بەلاَم ئێمه لەبەر ئەوەی ئەم دانیشتنەمان هین کرد بوو و بەرنامەی کارمان دابەش کرد بوو، بۆیه من پێم باشه پاش ئەوەی موافەقەتی لەسەر دەکەین بەلای کەمی راپۆرتەکانی لیژنەکان بخوێنینەوه، یەك، دوو ماددەش موناقەشه بکەین، ئەو وەختی ئەگەر رەئیتان بوو دانیشتنه دوا دەخەین بۆ رۆژێکی تر، بۆ ئەوەی ئەو خالاَنەی که رەنگه خیلافی لەسەر بێتن، پێویست بکاتن رەئی لەسەر بداتن موناقەشه بکەین، رۆژێکی تر تەواوی دەکەین و هەم به وجودی خۆشی، جارێ دەست پێ دەکەین ئیعتیادی، ئەگەر بڕیارتاندا تەئجیلی دەکەین، داوا له لیژنەی یاسایی دەکەم و، هەروەها دواتریش لیژنەی شارەوانی راپۆرتەکەیان بخوێننەوه به زمانی کوردی ئەگەر هەیه، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی قانونی.

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان له پڕۆژه یاسای وەزارەتی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق کۆڵییەوه که له دوای خوێندنەوەی یەکەمی له پەرلەمان له ڕۆژی 2007/1/8دا بۆی ڕەوانەکرابوو. ولەگەڵ وەزیری ڕاسپێردراو بۆ وەرگرتنی هەگبەی وەزارەت کۆبووەوەو دوای وتووێژ وهەڵسەنگاندن، لیژنه بەم جۆرەی خوارەوە ڕاپۆرتوڕاسپاردەو پێشنیازەکانی پێشکەش دەکات:

1-لیژنەی یاسایی وەك سەرەتا پشتگیری له پڕۆژەی یاساکه دەکات و پێشنیازی داڕشتنی دیباجەیەکی بۆ دەکات، وێڕای دانانی دەروازه بۆ ماددەکانی وبڕگەکانیشیان ڕێك بخرێن و زنجیرەکانی نمرەیی بگۆڕدرێن به زنجیرەکانی نووسراوەیی و هەموارکردن و گۆڕانکاریی له داڕشتنی هەندێ له بەندەکانی دا بکرێ و هاوشان

بە یاساکانی ئەو وەزارەتانەی کە بەر لەوە دەرچوون لەگەڵ ڕاستکردنەوەی پێویست لە هەندێ دەستەواژە لە ڕووی ڕێزمانیەوە کە لەمەودوا لە ناو ئەو ڕاپۆرتەدا دەردەکەون.

2-لیژنە پێشنیاز دەکات لە ماددەی یەکەمدا وشەی (دەربڕینەکان) بکرێت بە (دەستەواژەکان).

3-سەبارەت بە ماددەی دووەمیش لە پرۆژەکەدا، لیژنە وا پێشنیاز دەکات بکرێت بە چواربڕگە لە جیاتی سێ برگەوبەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێ:-

یەکەم: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری خۆجێیی و شارەوانی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی دانیشتیوان لە ئاوی پاك و دابین کردنی پێویستیەکانی ئاوەرۆ و ئاوی باران و دروستکردنی ڕێگاوبان و تونێل لە ناوەوەی سنووری شارەوانیەکانداو بەرزکردنەوەی خزمەتگوزاریە هەمە جۆرەکانی شارەوانی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، بۆ ئەوەی هەموو شارو شارۆچکە و گوندێك بگرێتەوە، وێرای دابین کردنی پێویستیەکانی هاوولاتیان لە سەیرانگاو یاریگاکان.

دووەم: پلان دانان و بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی بە جۆرێك کە بەشداری لە هێنانە کایەی گەشەسەندنی ئابووری خۆجێیی بکات، لە ڕێگەی گرتنەبەری چەندین سیاسەتی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی زەوی و نەخشەکێشانی ئاوەدانی.

سێیەم: ئامادەکردنی کەشێکی لەبار بۆ پارێزگاریی کردن لە ژینگەیەکی خاوێن و تەندروست بە گرینگیدان بە ناوچە سەوزەکانی شارو شارۆچکەکان.

چوارەم: کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و خۆجێیی لەو کەرتانەی کە پەیوەندییان بەکارەکانی وەزارەتەوە هەیە.

1-بەلاٚم ئەوەی پەیوەندی بە هەر دوو ماددەی سێیەم و پێنجەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بە لێکدانیان لەگەڵ ماددەی سێیەم بەناوی{پێکهاتەکانی وەزارەت} وبەم جۆرەش دابرێژرێتەوە:

**(پێکهاتەکانی وەزارەت)**

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی چاودێری کردنیان و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان لەهەر شتێکدا کە پەیوەندیی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەلاٚتەکان و سەرجەم کاروبارەکانی هونەریی و دارایی و کارگێریی و ڕێکخستنەوە هەیە بە پێی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچن بەسەرپەرشتی خۆشی جێبەجێ دەکرێن وبەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە خۆی ئەندامێکی هاوکارە تێیداوبۆی هەیە هەندێ لە دەسەلاٚتەکانی بسپێری بەبریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێکی تر کە لە وەزارەت بەشیاوی دەزانێ.

**دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیدا لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاَتەی کە وەزیر پیَی دەدات بەمەرجێك بڕوانامەی بەرایی بەدەست هێنابیَ.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەکیش لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکاتوبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێتوچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم : بەڕیَوەبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.**

**د- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.**

**هـ- بەڕێوەبەرایەتی بانکی زانیاری.**

**و- بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێریوهونەری.**

**ز- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە.**

**شەشەم: ڕاوێژکاران/ ژمارەیان لە چوار پتر نابیَ بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بن و جۆری پسپۆرییان لە لایەن وەزیرەوە دەسنیشان دەکریَ.**

**حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە کێشان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشانی ئاوەدانی/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.**

**دووازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا/ سەرۆکایەتی هەموو شارەوانیەکان دەکات و بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانکۆ بێت و شارەزایی و کارامەیی لە کارەکەیدا هەبێت.**

**سێزدەم: سەرۆکایەتی شارەوانی لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم/ سەرۆك شارەوانیەکی هەڵبژێردراو سەرۆکایەتی دەکات و بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی) دەبێت.**

**1-بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چوارەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم ـ وەزارەت ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێت و لەمانە پێك دێ:**

**أ- وەزیر: سەرۆکە.**

**ب-بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لە کاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.**

**ج- نوێنەرێك لەم وەزارەتانەی خوارەوە بە مەرجێك پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندامە.**

**1- وەزارەتی دارایی و ئابووری .**

**2- وەزارەتی کشتوکاڵ .**

**3– وەزارەتی پیشەسازی.**

**4- وەزارەتی ژینگە.**

**5- بەرێوەبەرە گشتیەکان لە وەزارەت/ ئەندامن.**

**6- هەر ڕاوێژکارێك یا شارەزایەکی پسپۆر کە وەزیر لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی دا هەڵیدەبژێرێ.**

**دووەم ـ ئەنجومەنی راوێژکاری راسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە وەزیر دەکات و ئەگەر پەسندی کردن تایبەتمەندی بڕیاری وەزاری وەردەگرێت.**

**1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی شەشەم لە پڕۆژەکەدا، هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.**

**2-کەچی ئەوەی پەیوەستە بە هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی پڕۆژەکە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات لەگەڵ ماددەی حەوتەم لێك بدرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم: ئەرك وتایبەتمەندی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دیار دەکرێن.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویست هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یان هۆبەیەك بکاتەوە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت دا یان لێکیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حکومەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.**

**1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی نۆیەم لە پڕۆژەکەدا کە بە پێی پێشنیازی لیژنەی یاسایی دەبێتە ماددەی هەشتەم بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-**

**ماددەی هەشتەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشت و گوزاری ژمارە (15)ی ساڵی 1992 کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق دەرچووە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم یاسایە جێگەی دەگرێتەوە.**

**1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی دەیەمی پڕۆژەکە کە  بە پێی پێشنیازی لیژنە دەبێتە ماددەی نۆیەم، بۆیە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕیژرێتەوە.**

**ماددەی نۆیەم: کاربە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.**

**1-لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەك بخرێتە سەر پڕۆژەکە بە ژمارە ماددەی دەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

**ماددەی دەیەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**1-بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی یازدەمی پڕۆژەکەوە کە ژمارەکەی خۆی هەردەمێنێ، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :-**

**ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**1- لەدوایشدا ئەوەی پەیوەستە بەهۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکە، لیژنەی یاسایی دوای لادانی{یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی}لە چەمکەکەی، پەسندی دەکات.**

**داواکارین بفەرموون بۆ چاو پیاخشاندن و خستنە ڕووی پڕۆژەکە و ڕای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە و لەسەر ئەنجومەنە گفتوگۆ و ڕای گونجاوی لەبارەوە بدات، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، کاك رەشاد راپۆرتی لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تقرير اللجنة.**

**قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة البلديات لاقليم كوردستان – العراق المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2007/1/8 وبعد المناقشة والمداولة تقترح اللجنة مايلي:**

**المادة الاولي: لا توجد اية ملاحظات.**

**المادة الثانية: تقترح اللجنة اضافة مايلي الى نهاية الفقرة (3) وذلك بالتنسيق مع الهيئة العليا للاستثمار والجهات ذات العلاقة.**

**المادة الثالثة: تقترح اللجنة توحيد المادتين الثالثة والخامسة بمادة واحدة بتسلسل 3 وبدون تغير مفرداتها.**

**المادة الرابعة: تقترح اللجنة ترتيب التسلسلات كما يلي:**

اولاً: يؤلف المجلس الاستشاري للوزارة من:

1-الوزير/رئيساً.

2- وكيل الوزارة/ نائباً للرئيس.

3- المدراء العامون في الوزارة/ اعضاء.

4- المستشارون/ اعضاء.

5- ممثل وزارة المالية والاقتصاد.

6- ممثل وزارة الزراعة.

7- ممثل وزارة الصناعة.

8- ممثل وزارة البيئة.

9- اضافة ممثل عن وزارة الصحة.

10- اي مستشار او خبير اختصاصي يختاره الوزير في داخل الوزارة او خارجها عضواً.

ثانياً: ليس لدينا ملاحظات عليها.

المادة السادسة والتي تصبح المادة الخامسة: لا توجد اية ملاحظة عليها.

اما بخصوص المواد الباقية لا توجد لدينا اية ملاحظات عليها وكذلك بالنسبة للاسباب الموجبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، داواکارم وەکو لە نیزامی داخیلیش وایە هەردوو لیژنە راپۆرتەکە لە سەرەتاکەی وا بنووسن، کە سەعات و وەختەکەی کۆبوونەوەکەو کێ غایب بووە، هۆی غایب بوونەکەشی غیابە لەوێ وەکو غیابە لە مەجلیس، لیژنەکان لەمەودوا غیابەکانی خۆی تەصویت بکات، ئێستا بچینە سەر موناقەشەکان خاڵ بەخاڵ، کاک شێروان ئەسڵی قانونەکە بخوێننەوە هی ماددەی یەکەم، دوایێ رەئی لیژنەی قانونی و لیژنەی شارەوانی، پاشان موناقەشەی دەکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە، ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بە مەبەستی ئەم یاسایە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق .

2- وەزارەت: وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

3- وەزیر: وەزیری شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

4- بریکاری وەزیر: بریکاری وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو ماددەین، تەنها لە رووی صیاغەوە وەکو وەزارەتەکانی تری لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو ماددەیە وەکو خوێندرایەوە تەنیا لە رووی صیاغەوە وەکو وەزارەتی تری لێ دەکرێت، لیژنەی قانونی هەندێ گۆڕانکاری لێ کردووە لە ناحیەی زمانەوانی و لە ناحیە تەسلسولەکە هیچ خیلافێکی لەسەر نییە، ئەگەر کەسێك مولاحەزەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوەی هەیە:

1-پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆیی و شارەوانی بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان لە ئاوی بێگەرد و دابین کردنی پێداویستیەکانی خەرجی تەندروستی و ئاوی باران و بنیاتنانی رێگاوبان و پرد و خەرج کردن لەناو سنووری شارەوانییەکان و، پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە هەموو جۆرە شارەوانییەکان لە لایەن چەندایەتی و چۆنییەوە، بۆ ئەوەی شارو شارۆچکەکان بگرێتەوەو، بەدەنگ پێداویستیەکانی هاوولاتیانیەوە بن لە دابین کردنی باخچەو یاریگاکان و هێنانەدی پێداویستیەکانی دەوروبەرێکی پاك و تەندروست.

2- یارمەتیدانی پلاندانان و کارگێری و جێ بەجێ کردنی، بەجۆرێك بەشداری بکات لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوخۆ لە رێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی کاریگەر لە بەکارهێنانی زەوی و پلانی بنیاتنان.

3- کارکردن لە پێناوی راکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە کەرتەکانی پەیوەست بەکارەکانی وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد ئێوە چیتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنة اضافة مايلي الى نهاية الفقرة (3) (وذلك بالتنسيق مع الهيئة العليا للاستثمار والجهات ذات العلاقة)، لەبەر ئەوەی ئیستیسمار پەیوەندی بە هەیئەی عولیای ئیستیسمار هەیە، تەنسیقێك هەبێت لەنێوانیان باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك شێروان لیژنەی قانونی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەی یەکەم ڕەنگە ئیعادەی صیاغەمان کرد بێتەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر.

مولاحەزەی دووەمیش ئەوەیە، ئێمە فەقەرە سێمان زیاد کردووە، فەقەرە سێیەکەش بەم شێوەیە: (ئامادەکردنی کەشێکی لە بار بۆ پارێزگاریی کردن لە ژینگەیەکی خاوێن و تەندروست بە گرینگی دان بە ناوچە سەوزەکانی شارو شارۆچکەکان)، ئەمە بە موافەقەتی وەزیریش بووە، ئەوەمان داخیلی ئەهدافی وەزارەت کردووەو هیچ مولاحەزەی ترمان نییە، تەئیدی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ماددەی دووەم، مامۆستا فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مولاحەزەم لێ هەیە ئەوەیە لە دوای ئەوەی کە دەڵێت (ونوعاً لتشمل المدن و القصبات) پێم باشە ئیزافە بکرێت (والنواحي والقرى) ئەوە لە بڕگەی یەکەمە، لە بڕگەی دوو، دەڵێت (عن طریق سیاسات فعالة) بۆچی نەکرێت بە (عن طریق إیجاد العمل الفعالة)، (عن طریق السیاسات الفعالة)، نازانم پێم وایە وا باشتر بێت هەر لەو بڕگەیە لە دوای (والتخطیط العمراني والإنتاج الدائمي)، ئەگەر ئیزافە بکرێت بە باشی ئەزانم، لە کۆتایی بڕگەی سێ (العلاقة بأعمال الوزارة)، (وعلى الوزارة العمل والإهتمام لإنشاء الحدائق والبساتین في المدن وخارجها والطرق الرئیسة والأماکن السیاحیة) پێم باشە ئیزافە بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرنجا من سەبارەت خالا دوویێ مادا دوویێ، من گەلێ حەز کر جەنابێ وەزیرێ شارەوانیش لێرەبا، وەختی رژێمەدا وەختی پلاندانان بۆ دابەش کرنا زەوی و زارا بۆ خانووبەرا ئارمانجا وی ژناو، ئارمانجا وی رفاندنا ژێر خانا ئابووریا کوردستانێ بوو، بۆ نموونە دێنم سەنتەرێ قەزایە شێخان، کە قەتەکی زەوی وزارێ چاندنێ یەعنی نیڤەی زەوی وزارێ چاندنێ پلانەکا شۆفینیزمی کرنە سنوری بەلەدیا شێخان، خەڵکی شێخان مەگازندە گەیاندیا وەزارەت چاندن وەزارەت دەبیژێتن وەزارەتی شارەوانیە پێ تایبەتمەندن و تایبەتمەندیا ویا، من حەز کرد لێرا سەربەو خالێ فەقەرایەکی دی بێتە زێدە کرن (ئەو زەرەرمەندا

زەوی و زاریٚ چاندنیٚ و زیان گەیاندا ژێر خانا ئابووریا کوردستانیٚ چاڤێك پێدا خشاندن)، یەعنی وەختیٚ پلانا دانیٚ کو زەوی و زاریٚ بۆ خانیٚ چاکەن دەچیە عەردی راست، ئەو ژی بە کەلکی چاندنیٚ دێت، ناچن شۆفەلێك نابن وان گریٚ راست ناکەن مەبەستا وان ژی رفاندنیٚ ئابووریا کوردستانیٚ ئابووری، ئەگەر ئەڤە فەقەرەك بێتە ئیزافە کرن و چاو پێخشاندن وان بڕیارا بێت، ئەو زیان و زەرەرە سەر وان وڵاتیٚ باش نینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەگەر ئەو مولاحەزتانە لە لای خۆتان بنووسن زەحمەت نەبێت، فەرموو ئەو دوو مولاحەزەیە وەڵام بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت شارو شارۆچکەکان و گوندیش لەناو ئیعادەی صیاغە هاتیتەوە، ئەوەی کە شێخ فەتاح ئیشارەتی پێدا، بەنیسبەت سیاساتی فەعال بکرێت بە عەمەل، ئەوەش سیاسات دادەنرێت ئیعتیادی و دواییش تەنفیز دەکرێت، بەنیسبەت تەختیتی عومڕانی ئەوە دەزگایەکی گرنگەو بە هەزاران دیراسات و بحوس و ئەو شتانەی لەسەر هەیە بەڕاستی و، دەزگایەکە رەنگە دەتوانم بڵێم لەو کاتەی عێراق تەئسیس بووە ئەو دەزگایە هەیە و تەتویری پیٚ کراوە، ناکرێت ئەو دەزگایە دەستی لیٚ هەلبگیرێت.

بەنیسبەت حەدیقە و موتەنەزەهەکان لە قانونی شارەوانی بە تەفسیلی ئەو مەسەلەیە چارەسەر کراوە.

بەنیسبەت ئەوەی کاك پیر خدرەوە، بەڕاستی ئەو مەلەسەیە پەیوەندی بە هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتەوە نییەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید** خضر **(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکەی من لەسەر تەرجومەکەی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ کوردی، کە (الانفاق)ی تەرجومە کردووە بە خەرج کردن، ئەوە ئەنفاقە، ئینفاق نییە، ئەنفاق، تونێلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاساو لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دانیشتین، داوای ئەوەمان کرد، کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری بە هەموو گوند و لادێەکانیش بگات،

بەس وەزیری ئاوەدانكردنەوە گوتی ئێستا ئەو خزمەتگوزارییە وەزارەتی شارەوانی جێ بەجێی دەكات، لێرەش ئاماژەی پێ نەكراو هەر ئەوەندەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف (جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی دوو لە یەكێك لە فەقەرەكان نووسراوە (لە ڕێگەی گرتنەبەری چەندین سیاسەتی كاریگەر)، بە ڕەئی من بكرێتە (ڕێ و شوێنی گونجاو).

لە بڕگەی سێیەمدا نووسراوە (گرنگی دان بە ناوچە سەوزاییەكانی شار و شارۆچكەكان)، (گوندەكانیشی) بخرێتە سەر، چونكە لە بڕگەی یەكەمدا ئاماژە بە گوندەكان كراوە لەوێش ئەوەی بۆ زیاد بكرێت.

لە بڕگەی چوارەم نووسراوە (كار كردن بۆ ڕاكێشانی)، بە ڕەئی من بكرێتە (بوونی پلانی گونجاو)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزەتەكانم ئەوەی قوڵە بەڕاستی باس كرا و دووبارەی ناكەمەوە، كە ئیزافە بكرێت، مەسەلەی ئەنفاقیش كاك زانا باسی كرد، ئەوەی سێیەمیان بیئە لە تەرجومە كوردیەكەی بە دەوروبەر تەرجومە كراوە، چونكە بیئە دەوروبەر نییە، بەڵكو ژینگەیە، نەك دەوروبەرێكی نەزیف، بەڵكو ژینگەیەكی پاك و خاوێن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم لە ئامانجی وەزارەت یەك موشكیلە هەیە، ئەو موشكیلەیە تەقریبەن عامە، بەتایبەتی بەنیسبەت ئەو قەزایانەی كە مەسائیلی موڵكایەتی ئەوقافیان زۆر تیایە، یان موڵكایەتی تەكیەكانیان تیایە، تاكو ئێستا گیروگرفتێكی زۆر چارەسەر نەكراوە، بۆیە پێشنیار دەكەم وەزارەت بیكاتە بڕگەیەك لە ئامانجەكانی بەم شێوەیە، بڕگەیەك زیاد بكرێت بۆ ماددەكە (تەنسیق بكرێت لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و موڵكایەتی تەكیەكان)، چونكە سەر بە ئەوقاف نییە، بۆ ئەوەی موڵكەكانی ئەوقاف و تەكیەكانی پاش قەرەبوو كردنەوەیان بەشێوەیەكی شایستە بدرێتە شارەوانییەكان، بۆ ئەوەی لە لایەن شارەوانییەكانەوە بەكاری بهێنن ئەو زەویانە، مەقصەد زەویەكانی ناو شارەكانە لە بەرژەوەندی

**هاوولاتیان، بە مەرجێك تەئسیر نەكاتە سەر هەموو باخچەكانی ئەوقاف و تەكیەكان، كە سروشتی جوانی شارەكان بە تەواوەتی تێك نەدات، بەتایبەتی لە شەقلاوەو ئاكرێ و ئەو شوێنانەی كە تا رادەیەك گەشت و گوزارین، ئەمە یەكێكە لە موشكیلە گەورەكانی نێوان شارەوانی و ئەوقافدا موشكیلەیەكی سەرەكییە، كاك عەبدولڕەحمان دەزانێ ئێستا خەدەمات لە شاری ئاكرێ راگیراوە، چونكە هەموو ئەو زەویانەو ئەو باخچانەی كە ماون سەر بە ئەوقاف و تەكیەكانن، شارەوانی بۆی نییە تەسەروفیی تیا بكاتن، هەموو خەدەماتەكانیان راگیراون، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك بەكر فەرموو.**

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەنیسبەت بڕگەی سێیەم كار كردن لە پێناوی راكێشانی سەرمایە، بە رای من خۆی وەزارەتەكە زیاتر وەزارەتی خزمەتگوزارییە، لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئیستیسمار و ئەوانە دەزگایەكی ترمان هەیە، دەزگای وەبەرهێنانە، ئەگەر بشكرێت مەسەلەن تەنسیق لەگەڵ ئەوەیە، بۆ هەندێك شتی تایبەت، لەبەر ئەوە پێم وایە لە ئامانجەكانی ئەو وەزارەتەدا نییە، نازانم بۆچی لێرە هین كراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**وەزیری شارەوانی ئەندامە لە لیژنەی باڵای ئیستیسمار، لەبەر ئەوە تەبیعییە، كاك شێروان، مام رەشاد وابزانم شتێكی ئەوتۆ نییە، كە لە راپۆرتەكانتاندا هاتبێت، مومكینە لە هەندێك تەفسیلاتدا هاتبێت، ئەوەی كاك پیر خدر وتی ناكرێتن ناوی ناوچەیەك بێنین بەتایبەتی لەناو هینەكە، بە عام خاڵی یەكەم زۆر فراوانەو هەموو شتێك دەگرێتەوە، شاروچكەكانیش دەگرێتەوە، قەزاو ناحیەكانیش دەگرێتەوەو، ئاوەڕۆ نەنووسراوە، بەڵام كە دەڵێت هەموو پێداویستیەكانی خەرجی هەموو شتەكانی دەگرێتەوە، ئاو و ئاوەڕۆش دەگرێتەوە، بۆیە پێم وایە خاڵی یەكەم زۆر فراوانە، ئەو راپۆرتی لیژنەی شارەوانیش، ئەوەش شتێكی پێم باشە ئەگەر لیژنەی یاساییش پێی باش بێتن ئیزافە بكرێت بە تەنسیق لەگەڵ هەیئەی عولیا، لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەگەر ئەوە ئیزافە بكرێتن، لەبەر ئەوەی وەزیر پێشتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی موافیق بووە لەسەر ئەوە خیلافێكی تێدا نییە، شتێكی واتان تەرح نەكرد كەوا پێویست بكاتن رەئی بپرسین، یەعنی ئیزافەكە دەوڵەمەندی ئەو پێشنیارەی خۆیان دەكاتن، بۆیە پێم وایە وەزیر موافیقە پێشتر كە قسەی كردووە، بۆیە ئەگەر هینێك نەبێتن دەخەمە دەنگدانەوە، بەو ئیزافە و شەرحانەی كە كردتان، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی سێیەم، پێشنیارێك هەیە بە دەمجی ماددە رەنگە ئەوە پێویست بەوە بكاتن كە وەزیر رەئی لێرە هەبێتن، ئەگەر موافەقەت دەكەن تەئجیلی دەكەین، لیژنەی**

قانونی دەڵێت جەنابی وەزیر موافیقە بۆ دەمج کردنەکە، حەز دەکەن ئەو ماددەیەش دەخوێنینەوە، بەڵێ کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایانەی ئێمە ئێستا لەناو پەرلەمان دەریان دەکەین، ئایا بۆ وەزیر دەریدەکەین؟ یان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکەین، چونکە لەوانەیە ئەو وەزیرە ساڵێك، یان دوو ساڵی تر دەمێنێتەوەو دوایێ نەمێنێت، کەواتە ئێمە ئەو یاسایە بۆ وەزیر دەرناکەین، شەرت نییە ئەو وەزیرە لێرە بێت، دەتوانین وەزیریش لێرە نەبێت یاسایەکە تەواو بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە بۆ وەزارەت دەردەکەین، بەلاَم وەزیر مەسئوولە لەو وەزارەتە، لێرە رەئیەك تەرح دەکرێتن، مومکینە لەگەڵ پرۆژەکە نەگونجێتن کە ئەوان ناردوویانە، پێویست دەکات رەئی لەسەر بداتن، بۆیە دەکرێت بێ وەزیریش موناقەشە بکرێت، ئەوە لە دەسەلاَتی ئێمەیە، بەلاَم باشتر وایە خۆی لێرە بێت، ئەگەر پێمان باش بێتن هەر دوای بخەین، لەبەر ئەوەی ئەو دەمجش راستە لە پێش ئێوە بڵێت موافیقم باشترە، خۆشی لێرە بێتن و پێشی خۆشە، راستە لەگەڵ لیژنەی قانونی گوتویەتی مانیعم نییە، بەلاَم لەبەردەم ئێوە موافەقەت بکات، پێم وایە تەئجیلی بکەین باشترە، خاڵی نیزام بزانم چی دەڵێت.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەندامە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر ئەندام پەرلەمانەکان هیچ رەخنەیان نەبێت و رازی بن لەسەر ئەو پرۆژەیە بۆ دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك جەنابیشت ئاماژەت پێدا، راستە وەزیری شارەوانی، با بڵێین وەزیری پەیوەندیدار دانیشتووە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئیتیفاقیان کردووە لەسەر ئاخیر ئەو شتانە، بەلاَم لەوانەیە لە نەتیجەی هەندێك موناقەشە کردن هەندێك پێشنیاری نوێ هەبێت، هەندێ جیاوازی هەبێت، کە پێویست دەکات وەزیر خۆی لێرە بێت، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ ئەو پرۆژەیە، بەڕاستی وەزیری پەیوەندیدار خۆیەتی، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو جەلسەیە تەئجیل بکرێت، تا وەزیر خۆی ئامادە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك دەوڵەمەندی دەکەین و دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها تەوزیحێكم هەیە، تەوزیحەكەش ئەوەیە حەق وایە پێشی ئەوەی بەرنامەی كار دابنرێت بزانرێت ئەو وەزیرە لێرەیە، یان لە دەرەوەیە، واتا حازر دەبێت، یان حازر نییە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو مەوقیفە نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە مەفروزە ئەگەر رۆژێك، یان دوو رۆژ بوایە قەیدی ناكات، بەلاَم ئەوە هەفتەیەكە بەرنامەی كارمان بلاَو كردۆتەوە مەسئوولیەتی ئێمەش نییە تاقیبی وەزیر بكەین، ئێمە بەرنامەیەك دادەنێین، دەتوانین بێ وەزیریش موناقەشەی بكەین، وەزیر لێرە بێت باشترە، بەلاَم ئەگەر لێرەش نەبێت، دەتوانین موناقەشەی بكەین، لەبەر ئەوە ناتوانین بەرنامەمان لەسەر وەزیر دابنێین، كام وەزیر لێرەیە، كام وەزیر لێرە نییە، ئەوە بەرنامەی خۆیەتی و، ئێمەش بەرنامەی خۆمان هەیە، كاك بارزان خاڵی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان كردووە بووینە پاشكۆی وەزارەت، سوڵتەی تەنفیزی، كە ئەمە خۆی بەشێكی ئەساسییە لە گەندەڵیەكان، وەزیر كە خۆی تەبلیغ كراوە مولزەمە بێت، ئەمە ئیشی رەئیسی وەزیرە دەبێت كارەكانی جێ بەجێ بكات، حەقە ئێمە لە گەرمیانەوە دێین بۆ ئێرە وەزیر لێرە نییە، یەعنی ئەمە زۆر ناخۆشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ لە گەرمیانەوە دەتوانێت بێت سەعاتێكە، یان دوو سەعاتە، بەلاَم كارەكەی لە دەرەوەی هەرێمە، بەهەر حاڵ ئێستا قسەمان كردووەو دەیخەمە دەنگدانەوە، قەرارەكەش بۆ ئێوەیە، پێشنیارەكە ئەوەیە كە موناقەشەكە دوا بخەین بۆ كاتێكی تر، ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە دوابخەین تا وەزیر دێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، زۆرینە دەڵێت دەبێت بەردەوام بین، فەرموون، هەر بۆ تەئكید بزانن كە قەرارتاندا ریئاسەت ملكەچە بە قەراری ئێوە، فەرموون، كاك ئیحسان خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزارەتی شارەوانیێ ئەوە پازدە ساڵە ئیش دكات دی یاسایەكێ، ئەڤە پرۆژە یاسایەكە هاتیە واتا دەبێت بە هەموار كردن بێت، نەك بە یاسایەكی تر، یان دی تر ئیلغا بووە، نەزانم بۆچی هەمی ئەو وەزارەتە كو هەینە یاسای خۆی هەیە ئیشی خۆی دكات، ئەوجا یاسایە دەهێتن، دەبێت تەعدیلات بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەزارەتی بەلەدیات و سیاحە پێکەوە بوو، ئێستا جیا بووینەوە، ئەوە بەنیسبەت ئێمە وەزارەتێکی موستەحدەسە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ تەوزیحەکەت، فیعلەن قسەی کاك ئیحسانە ئەگەر ئەو شتە تازەیە نەبوایە ڕاست بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاحە تێکەڵاوی بووە، یەعنی وەکو وەزارەتێکی تازە حیساب دەکرێتن، سوپاس، ئێستا تکایە ماددەی سێیەم بخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ**

**1-وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و سیاسەتەکانی ئاراستە دەکات، لێیەوە دەردەچێت و بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان و لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە وەزارەت و دامەزراوەکان و دەسەڵاتەکانی، هەموو کاروبارە هونەیی و دارایی و کارگێریی و ڕێکخستنەکان، بەپێی یاسا جێ بەجێ دەکات.**

**2- بریکاری وەزارەت: لە ئاراستەکردنی وەزارەت و چاودێری کردنی کاروبارەکانی بەپێی ئەو دەستەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی سپێردراوەو هاوکاری وەزیر دەکات، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.**

**3- ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس پتر نەبێ، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن، پسپۆڕو خاوەن ئەزموون بن، پسپۆڕەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دەسنیشان دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ڕای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ڕای لیژنەی یاسایی.**

**ئێمە دوای ئەوەی کە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین و موناقەشەیەکی زۆریشمان کرد، ئەو مولاحەزاتانەی کە هاتە ئاراوە بە حەقیقەت، کە بووە ڕەئی لیژنەی قانونی:**

**یەك/ دەمج کردنی ماددەی سێ و پێنجە.**

**دوو/ ئیعادەی صیاغەی هەندێك لە بڕگەکانی وەکو وەزارەتەکانی دیکە.**

**سێ/ بەڕێوەبەرایەتیەکی تازە هاتە گۆڕێ، نەك تازە نییە، بەڵام بەنیسبەت پرۆژەکە تازەیە، ئەویش بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆکانە، کە بەڕاستی گرنگی خۆی هەیە، ئێمە ساڵی 1992 قانونی وەزارەتی شارەوانیمان دانا، ئەوەمان کرد بە بەڕێوەبەرایەتی، حەتمەن ئەنجومەنی وەزیران لە بیریان کردووەو،**

**جەنابی وەزیر هاتە ئێرە وایزانی تێیدایە، لەبەر گرنگی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، ڕەنگە یەك مەشروع هەبێت لەناو ئەو شاری هەولێرە بە سێ ساڵ چل ملیۆن دۆلار، ئێستا هەڵسانە لە پرۆژە ئەسڵیەکە کردوویانە بە مودیریەت، بۆیە ئێمە دەڵێین مودیریەتی عامەی ئاو و ئاوەڕۆ دەبێت لە جێگای خۆی بمێنێت، بەلای کەمی هەر بە مودیر عام بمێنێتەوە، ئەگەر بەرزتری نەکەینەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ماددەی سێ و پێنج دەکەنە یەك ماددە، ئەگەر کەس تێبینی نییە لەسەر ئەو پێشنیارە تازەیەی لیژنەی یاسایی، کە ئەو مودیریەتە ببێتە مودیریەتی عامە، دەمجەکە بخوێننەوە بە موەحەدی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەس تێبینی نییە لەسەر ئەوە، فەرموو کاك جەمال.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە ماددەی دووەم لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، لە جیاتی سێ خاڵ بکرێت بە چوار خاڵ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەس مولاحەزەی نییە لەسەر پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی، کە ماددەی سێ و پێنج ببێتە یەك ماددە بخوێندرێتەوە، مامۆستا فەتاح فەرموو.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پشتگیری ڕەئی لیژنەی قانونی دەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تکایە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(پێکهاتەکانی وەزارەت)**

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی چاودێری کردنیان وهەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان لەهەر شتێکدا کە پەیوەندیی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەلاَتەکان و سەرجەم کاروبارەکانی هونەری و دارایی و کارگێری و ڕێکخستنەوە هەیە بە پێی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچن بەسەرپەرشتی خۆشی جێبەجێ دەکرێن و بەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە خۆی ئەندامێکی هاوکارە تێیداو بۆی هەیە**

هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بسپێری بەبریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێکی تر کە لە وەزارەت کە بەشیاوی دەزانێ.

دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیدا لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە وەزیر پێی دەدات بە مەرجێك بڕوانامەی بەرایی بەدەست هێنابێ.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەکیش لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت؛ فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت؛

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن.

د- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی بانکی زانیاری.

و- بەرێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێری و هونەری.

ز- بەرێوەبەرایەتی ژینگە.

شەشەم: ڕاوێژکاران/ ژمارەیان لە چوار پتر نابێ بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بن و جۆری پسپۆرییان لە لایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێ.

حەوتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەرێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە کێشان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشانی ئاوەدانی/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا/ سەرۆکایەتی هەموو شارەوانیەکان دەکات و بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانکۆ بێت و شارەزایی و کارامەیی لە کارەکەیدا هەبێت.

سێزدەم: سەرۆکایەتی شارەوانی لە مەڵبەندی هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم/ سەرۆك شارەوانیەکی هەڵبژێردراو سەرۆکایەتی دەکات و بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی) دەبێت، ڕاستەوخۆ بە وەزارەتەوە پەیوەست دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی شارەوانی هیچ مولاحەزەیان نییە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی ئیزافە بکرێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەو تەعمیری قوراو ئەریاف، بەڕاستی ڕاستە ئەوە کاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، بەلاَم کێ بەرپرسیارە لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ شارەوانیەکان، بەگوێرەی یاسایەکە بێت، ئەو شوێنانەی کە مەجلیسی ئیستیشاری تیا نەبێت خزمەتگوزاری شارەوانی نایانگرێتەوە، من پێشنیار دەکەم یان یاسایەکە تەعدیل بکرێت، یان دەبێت تەعدیلی قانونی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بکرێت.

دووش/ لە هیچ جێگایەکی یاسایەکەدا نەهاتووە، لە ماددەکەدا نەهاتووە جێگا بۆ قەزایەکان و ناحیەکان، ئەوە مەجلیسی بەلەدییەی تیایەو هەڵبژاردنی تیا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانونی وەزارەتی بەلەدییات لادێ بەلەدییەی تیا نییە، دەبێت لە سێ هەزار زیاتر بێت، کەمتر بێت، نابێ.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەولێر لادێیەکان ئێستا سەر بە نزیکترین مەجلیسی شارەوانی نزیك بێت لێیانەوە، ئەوان ئیشرافی دەکەن، بەس لە سلێمانی وا نییە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له پێنجەم بەڕێوبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت لە (و)دا هاتووە (بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێری و هونەری)، ئەو پەرەپێدانەی ناوێتن، چونکە خۆی کارەکە دەکاتن، نەك پەرەی پێ دەداتن، یەعنی بەرمەجەی نییە، هی پرۆگرام دانان نییە، ئەوە یەك.

دوو/ لە هەشتەم و نۆیەم هاتووە بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات، بەڕێوەبەری گشتی، مادام بەڕێوەبەرە بەڕێوەی دەبات، نەك سەرۆکایەتی دەکات، پێویستە ئەو زاراوەیە بگۆڕدرێتن، بکرێت بە بەڕێوەی دەباتن، هەموو ئەو سەرۆکایەتیانە بکرێنە بەڕێوەبەرایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەرەکە راستە کاك شێروان، بکرێتە بەڕێوەبەر، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی سێ برگە یەك هەیە لە دێری سێیەم دەڵێت (هەموو ئەو شتانەی)، یەعنی شتیش مانایەکی وا ناگەیەنێت باشە بیکەینە ئەرك و مافانەی دێری سێیەمی دەڵێت (چاودێری هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکان لە هەموو ئەو ئەرك و مافانەی) لە جیاتی (ئەو شتانە) بنووسرێت باشترە.

پرسیارێکیشم هەیە، بڕوانامەی بەرایی زانکۆ، ئێمە خۆمان دەزانین پەیمانگاش سەر بە زانکۆیەو بڕوانامە وەردەگرێت هەر ئیعتیبارە بەو زانکۆیە وەریگرتووە، باش نییە بنووسین بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، کە شتێکەو مەعروفە لە هەموو دنیا.

لە مولاحەزەی ترم لەسەر سەرۆکایەتی شارەوانی لە هەموو پارێزگایەك، لێرە دەڵێت هەڵبژێردراو، ئایا لێرە هاودژ دروست ناکات لەگەڵ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە ئەوانیش هەڵبژێردراو دەبن دەبنە دەسەڵاتێك، دوو دەسەڵاتی هەڵبژێردراو دەبێت لە پارێزگایەکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان دەبێت، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێنجەم فەقەرە دە نووسراوە مودیریەتی تەفتیش لە تەرجومەکە کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری، چاودێری رەقابەیە، تەفتیشیش پشکنینە، ئەوە چاك بکرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوەش مولاحەزەیەکی چاکە، کاك عەبدولرەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی سێیەوە کە باسی راوێژکاران دەکات، دەڵێت بروانامەی بەرایی زانکۆ پسپۆر بن، لە خوارەوەش دەڵێت پسپۆڕایەتیەکەیان وەزیر دیاری دەکات، کە پسپۆر بێت و ناسنامەی هەبێت لە بواری شارەوانی، بۆچی لە خوارەوە دەڵێت ئەو پسپۆریە وەزیر دیاری دەکات، ئەوە پێشنیازێك.

پێشنیازی دووەمیش/ دوو بەڕێوەبەرایەتی هەیە نزیکن لە یەکەوە بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان بکرێنە یەك، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە بەجێیە، لە وەزارەتێك دوو مودیریەتی عامە، ئێمە ئێستا لێرە ئەو هەموو ئیشەش هەیە یەکە، منیش پێم باشە ئەو پێشنیارە کاك شێروان، پەیوەندیەکان و رۆشنبیری ببێتە یەك، ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێتن، دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێیەم لە برگەی پێنجەم هاتووە دەڵێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەڵبەندی وەزارەت پێکدێت لەمانەی خوارەوە لە (ز- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە)، ئێمە لە کاتی باس کردنی یاسای وەزارەتی ژینگە، باسمان کرد کەوا ئەو لیژنە راوێژکاریەی کە هەیانە، وەزارەتی شارەوانیش ئەندامن لە وەزارەتی ژینگە، پێم وایە ئێستا لەگەڵ دامەزراندنی وەزارەتی ژینگە، پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتیەك لە هەموو وەزارەتێکدا بۆ ژینگە دابمەزرێت، ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگەوە هەیە هەر هەموویان کاتی خۆی باسمان کرد ئەندامیان هەیە لە وەزارەتی ژینگە، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو پرۆژەکانیان  ئەوان بە راوێژ بێت لەگەڵ ژینگە، بۆ ئەوەی سنوورێك دابنرێت بۆ پێشێل کردنی هەموو ئەو کاروبارانەی کە دەکرێن، کە پەیوەندیان بە پیس کردنی ژینگەوە هەبێت، لەبەر ئەوە پێم وایە بوونی بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە ژینگە لە هەموو وەزارەتێك پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئایا ئەو لیژنە ئیستیشاریەی کە وەزارەتی ژینگەی تێدایە ئەوەی دەگرێتەوە، یان ئەو پێشنیارە چۆنە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم لە ئەسڵی مەشروعەکە ئەو مودیریەتە نەهاتووە، مودیریەتی ژینگە، بەس لە کاتی موناقەشات ئیزافە کراوە، ئەوە یەك.

دووەمین/ بەنیسبەت مومەسیلی وەزارەتی ژینگە لە ئەنجومەنی راوێژکاری ناوی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە دەڵێت ببێتە یەك مودیریە، لە ئەسڵی مەشروعەکە وایە، زۆر باشە موشکیلەمان نییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە زۆر وەزارەت ئێمە دەمجمان كردووە، ئیمكان هەیە مودیریەتێك عیلاجی هەردووكیان بكات، وابزانم ئەوە هیچی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای ئەو دوو برادەرە دەكەم، بەڕێوەبەرایەتی ژینگە لێرە زیادەیە، دەتوانرێت بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و پەیوەندییەكان یەك بخرێت.

بەنیسبەت بەڕێوەبەرایەتی بانكی زانیاری بكرێت وشەی ئەندازیاری بۆ زیاد بكرێت، ببێتە بەڕێوەبەرایەتی بانكی زانیاری و ئەندازیاری.

لە بڕگەی هەشتەم و نۆیەمدا بەڕێوەبەرایەتی نەخشەكێشان و بەدواداچوون لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەكێشانی ئاوەدانی ئەوانەش دەمج بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر من ئەوەندەی بەبیرم بێتن یاساكانی تری وەزارەت مودیریات سەلاحیاتی وەزیرە، لەبەر ئەوە هەر خۆی دەتوانێتن ئەو تەفسیلاتەی ناوێتن نیزامێك دێتە دەرێ و، تەنیا بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان دەسەلاتی ئێمەیەو نابێت بەبێ ئێمە هین بكرێت، بۆیە ئەو شتانە بنووسین زیادە، نەنووسین وەكو وەزارەتەكانی دیكە باشترە، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە موناقەشەی قانونی وەزارەتەكان، ئێمە خۆمان تووشی كۆمەڵێك تەناقوزات كردووە، لە هەندێك وەزارەت موناقەشەی ئەوەمان كردووە كە مودیریاتی ئەقسامی ناو وەزارەتەكان وازی لێ بێنین بۆ وەزیر، چونكە سەلاحیەتی ئەوە، ئەوی ئیلغای بكات و، ئەوی زیادی بكات، ئەوی بمێنێتەوە، ئێستا لە هەندێك وەزارەت موناقەشەی وردەكاری هەندێك مودیریاتی ئەقسام دەكەین، بۆیە ئەوە تەناقوز دەكات، هەتا لە لیژنەی قانونی لە هەندێك برادەرمان پرسیوە دەڵێت شتێكی زیادە، بۆیە دەبێت لێكیان جیا بكەینەوە، تكامان ئەوەیە كۆتایی پێ بێنین، ئایا موناقەشەی ئەو ماددانە لە هەموو وەزارەتەكان دەكەین، یان كۆتایی پێ بێنین خۆمانی لێ رزگار بكەین، دوو سەعات پێوەی خەریك دەبین كە سەلاحیەتی وەزیرە، مادام سەلاحیەتی ئەوەو كە دایدەنێ و، یان لایدەبات و، یان زیادی دەكات، ئیلا مودیریەتە عامەكان ئێمە موناقەشەی بكەین، یەعنی شتێكی زیادەو خۆمان پێ خەریك كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك خورشید لەبەر ئەوەی پێشنیارەکەت بەجێ بوو، مودیریاتەکان وەکو وەزارەتەکانی تر پێویست ناکات لە پرۆژەکە هەبێت بەڕاستی، ئەگەر لایبەن وەکو وەزارەتەکانی تر، بەڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای پرۆژەی ئەسڵی بکەین دەبینین مودیریاتی عام هەمووی ورد کراوەتەوە، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقمان کرد کە مودیریاتی عام ورد نەکرێتەوە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەو مودیریاتانەی کە ئێستا دەمج کراوە، وەزیر گوتی ئەمانە راستەوخۆ سەر بە وەزیر دەبن، بۆیە حەز دەکەم لە هەیکەل تەنزیم بێتە خوارێ، ئێمەش پەسندمان کردووە، هەر ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەسەلاٌتمان داوەتێ بۆ خۆی هەیە، نیزامی خۆی دادەنێتن، پێی بلێین و ئاگاداری بکەنەوە ئەوە لە دەسەلاٌتی خۆیەتی، تا ئێستا بۆ وەزارەتێکی ترمان نەکردووە، بۆ ئەویش ناکەین، خۆی دەتوانێتن نیزامی داخیلی خۆی دابنێتن، چی ئیزافە بکاتن مودیریات سەر بە نووسینگەی خۆی بێتن، کەواتە ئەوانە دەگەڕێنەوەو شەتبی دەکەین و، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو مولاحەزاتانەی داتان دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: ئەنجومەنی راوێژکاری لەمانە پێکدێت:**

1- وەزیر: سەرۆك.

2- بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆك.

3ـ نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری نابێت پلەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت: ئەندام.

4- نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ نابێت پلەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت: ئەندام.

5- نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی نابێت پلەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت: ئەندام.

6- نوێنەری وەزارەتی ژینگە نابێت پلەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت: ئەندام.

7- بەرێوەبەرە گشتیەکان: ئەندام.

8-هەر راوێژکارو پسپۆڕێکی لێزان کە وەزیر لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت هەڵیدەبژێرێت: ئەندامن.

دووەم: ئەنجومەنی راوێژکاری بەلای کەمی هەرسێ مانگ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی گرێ دەدات، یان هەر کاتێك پێویست بوو، ئەو کۆبوونەوەیە گرێ نادرێت تەنیا بە ئامادە بوونی سەرۆك، یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنیا دوو، سێ مولاحەزەمان هەیە:

مولاحەزەی یەکەم/ وەکیل وەزیر عوزوە، نائیب نییە، ئەوە یەك.

دوو/ئیلغای فەقەرە دوومان کردووە، لەبەر ئەوەی فەقەرە دوو ئیمکان هەیە لە نیزام موعالەجە بکرێت، لێرە گوتومانە (يتولى المجلس تقديم الاستشارات والتوصيات الى الوزير .......)، ئەمە مولاحەزەی دوو.

سێ/ ئەو شروحاتەی کە هاتووە، ویستمان دووبارەی تێدا نەبێت بەنیسبەت مومەسیلەکانی وەزارەت لە زیمنی هەیکەلی ئەنجومەنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارمان کردووە نوێنەری وەزارەتی تەندروستیش لەو مەجلیسە ئیستیشارییە بێت، چونکە لایەنی پەیوەندیدارە لەگەڵ شارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان وەکیل وەزیر بۆ عوزوە، بۆ نائیبی رەئیس نییە، بە پێشنیاری ئێوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە لە هەموو وەزارەتەکان بەو شکلە هاتووە، بەڕاستی کردوومانە عوزو، ئەگەر هاتوو رەئیس حازر نەبوو ئەو ریئاسەتی مەجلیسەکە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە جێگایەك هاتووە دەڵێت ئەو خۆی دەست نیشانی دەکاتن، لێرە ئیشکالێك دروست دەبێت، مەنتیقیەن وەکیل وەزیر نائیب رەئیس دەبێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له پرۆژەی وەزارەتی زراعە کە موناقەشەمان کرد بزەبت ئەو مەبدەئە پەسند کراو، لە وەزارەتەکانی تریش تەماشامان کرد زۆربەی ئەو مەبدەئە پەسند کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاک رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر مەجلیسێك کە رەئیسی هەبوو، دەبێت نائیب رەئیسیشی هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی غیابی جێگەی بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو لە پرۆژە ئەسڵیەکە هاتووە، جێگری سەرۆکی مەجلیسەکەشە، دوایێ ئەگەر غایب بوو ئەو جێگەی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئیشکال نەبێتن، وەزیر غایب بوو لەبەر هەر هۆیەك، کێ قەرارەکەی دەدات کە کۆ ببێتەوە، لیژنەی قانونی رەئی کۆتایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانع نییە بەو شکلەی کە پێشنیار کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم نوێنەرایەتی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیزافە بکرێت بۆ ئەم مەجلیسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پشتگیری لیژنەی شارەوانی دەکەیت، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە وەزارەتی کارەبا زیاد بکرێت، ئەویش لەبەر یەك هۆ مەشروعێکم بینیوە لە شارێك پەنجا بیری ئیرتیوازیان کردووە، بەلاَم ئێستا پێویستیان بە ئاوەو کارەباش ئاویان ناداتێ، یەعنی لەو تەنسیقە لەنێوان شارەوانی و وەزارەتەکان هەبێت، بەتایبەتی وەزارەتی کارەبا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش پێشنیارێكی مەعقولە، لیژنەی یاسایی و شارەوانی ڕەئیتان چیە لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەسەلە وەزارەت بێت، ئێمە دەتوانین زۆر وەزارەت داخیل بكەین، بەلآم ئێمە دەتوانین نەصێك داخیل بكەین كە لە هەندێك وەزارەت هاتووە، كە (ممثل الوزارات ذات العلاقة) وەزیر بتوانێت بانگیان بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەش باشە، دوایێ هینی دەكەین، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە حەقە سەرۆكی شارەوانی هەڵبژێردراوەكان ئیزافە بكرێتە سەر لیژنەی ڕاوێژكاری، واتا ئەندام بن لە لیژنەی ڕاوێژكاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەكیلی وەزارەت كە دەبێت عوزو نەبێتن جێگر بێت، خۆی ئەو موشكیلەیە حەل كراوە لە ماددەی سێ فەقەرە دوو، كە هەر وەختێك وەزیر ئامادە نەبێت بەخۆی جێگریەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم هەیكەلێكی وەزاری بۆ سەرجەم وەزارەتەكان بكرێت، بۆ ئەوەی هەموو جار ئەوەندە موناقەشە نەكەین، هەمووی هەیكەل وەزاریەكان وەكو یەك بن، پێویست ناكات هەموو جار دووبارە بێتەوە.

دووەمیش/ مەجلیسی ئیستیشاریش هەر بەو شێوەیەی هەیكەلی وەزاریەكەی، مەجلیسی ئیستیشاریش یەكلایی بكرێتەوە لە لایەنی لیژنەی قانونی و لایەنی پەیوەندیدار، ئەوە كۆتایی پێ بێنێت، چونكە هەموو جار ئەوە دووبارە دەكرێتەوە.

خاڵێکی تریش/ مەسەلەی مودیریاتەکانی پەیوەندیدار بەیەکەوە، وەکو ئەوەی وەزارەتی شارەوانی باسیان کرد، بەڕاستی لە دوو جێ مودیریەتی ژینگە بۆ هەبێت، یەعنی ئەگەر جێ وا هەیە ئەوەش تێکەڵکێشێك هەبێت، لیژنەی یاسایی تێکەڵکێشێك بکات و ئیزافە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان هەر وەزارەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبیرمان نەچوو لە موناقەشەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، هەرچەند نموونەی وەزارەتەکانی تریشمان هێنا هەر تایبەتمەندی خۆمان دایێ، راستە زۆری موتەشابیهە، بەڵام هەر دەبێت موناقەشەی بکەین لە تەفسیلاتدا فەرقێکی هەیە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە کاك شێروان ئیشارەتی بەوەدا کە وەزیر سەلاحیەتی هەیە هەر کەسێك داوا بکات، بەڵام بە تەسەوری من بەپێی تەجروبەش گرنگترین وەزارەت لەو هەیئەتەدا هەبێت وەزارەتی ناوخۆیە، چونکە بە دەیان هەزار تەجاوز هەیە، شورتەش دەبێت یارمەتی ئەوە بدات، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی وەزارەتی بەلەدییەو مەجلیس هەر باسی تەجاوز دەکرێت، خۆ مەجلیس بەلەدییە، یان وەزارەت ناچێت ئەو تەجاوزاتە بکات، لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەرورییە وەزارەتی داخیلی تێدا هەبێت، مومکینە ئێستا لە هەولێرێ چل هەزار تەجاوز هەبێت، ئەوە شورتە دەبێت موعالجەی بکات، وەزارەتی ناوخۆ چارەسەری بکات، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر پێویستە وەکو عوزوێکی ئەسڵی لەو هەیئە ئیستیشاریەدا هەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەی کاك شێروان وەکو لیژنەی قانونی باسی کرد، کە نوێنەری ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن رەئیسی مەجلیسی ئیستیشاری ئەجندەی کۆبوونەوەکەی دیاری دەکات، خۆی تەحدیدی دەکاتن کام وەزارەت پەیوەندی هەیە بەو ئەجندەی ناوخۆ بێت، تەندروستی بێت، ژینگە بێت، بانگیان دەکاتن، ئەگەرنا هەموو وەزارەتەکان پەیوەندیان بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە هەر یەك لە بوارێکەوە بەیەکەوە، ئەو صیغەیە باشترە لە هەموو شوێنەکان وابێت، ئەو لایەنانە، ئەو شوێنانەی کە پەیوەندیان بە کارەکەوە هەیە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەقریبەن هەر ئەوە بوو وەزارەتی ئاو یەکێکە لە خزمەتگوزاریە هەرە گرنگەکان، بەڕاستی کە وەزارەتی شارەوانی دابین دەکات ئاوە، لە هیچ شوێنێکی تر یاساکان وەزارەت گرنگی بە ئاو نەدراوە، راستە ئاو ئیشی بەنداو، میاهی جۆفییە، مەسەلەی رەییە، بەڵام کاریگەری هەیە بۆ سەر ئاوی خواردنەوە، کۆمەڵێك وەزارەتی موتەداخیلن، کاك بەکر ئیشارەی بە هەیئەی ئیستیسماردا، کە ئەوە کاری وەزارەتی بەلەدییات نییە، من تەئیدی قسەکانی کاك بەکر دەکەم، بەڵام دەکرێت لێرە وەك نوێنەریان لە مەجلیسی ئیستیشارییەکاندا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك شێروان با ئینتباهی ئەوە بکەین نوێنەری وەزارەت ناویان هاتووە هەموویان لە یەك فەقەرە، نوێنەری وەزارەتی پەیوەندیدار بە دەرەجەی مودیر عام، بە مەرجێك لە دەرەجەی مودیر عام کەمتر نەبێت، دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا قسەکانی من باس کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش قسەکانم تەقریبەن گوترا، بەڵام ئەوەی کە لێرە گرنگەو کاك خورشیدیش باسی کرد، کێشەی سەرەکی لەناو شارەوانییەکاندا رەبتە بە ئەوقاف و  وەزارەتی ناوخۆوە، هیچیان ناویان نەهاتووە، ئەگەر هیچیانی تیا نەبێت، مەفروزە ئەو دوو وەزارەتەی تیا بێت، من لە پێنجوین بووم، لە هەڵەبجە بووم، لە ئاکرێ بووم، لە شوێنەکاتی تریش موشکیلەی سەرەکی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ئەوقافە، مەفروزە ئەو دوو وەزارەتەی تیا بێت موشکیلەکە لەگەڵ ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرێك لە قسەکانم کران، بەڵام ئەوەی تێبینیم لێی هەیە جەنابی وەزیر بەشێك نابێت لەو ئەنجومەنە راوێژکارە، چونکە ئەنجومەنەکە ئیشی پێشکەش کردنی بیرو رای راوێژکارییە بۆ وەزیر، دەکرێت ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتی جێگری وەزیر بێت راسپاردەکان بۆ جەنابی وەزیر بەرز بکرێنەوە، چونکە ئەو جیهەیە گوێ دەگرێت و تەنفیز پرۆژەکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێتن، ئەوە هەموو وەزارەتەکان وایە، دووەم/ راستە وەزیر بۆ خۆیەتی، بەڵام خۆ هەر ئەوەی نییە بە چوار دێر تەقدیم بکەن، موناقەشە دەکەن و رەئی دەدەن و موحتاجی ئەوەیە گوێ لە هەموو رەئیەکان بێتن، شەرت نییە ئەو چوار دێرە بڵێن یەك، دوو، سێ، چوار، دەبێت قەناعەتی پێ بێتن و خۆشی موناقەشەیان دەکاتن، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە بڕگەی هەشتدا هەر راوێژکارو پسپۆڕێکی لێزان کە وەزیر لەناوەوەو دەرەوەی وەزارەت هەڵیدەبژێرێت، ئەو چوار راوێژکارەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، ئەوانە مولزەمن و ئەندامی دائیمن لەویَ، لێرە نووسراوە هەر راوێژکارێك، ئەوە لە لیژنەی شارەوانیش وەکو فەقەرە باسمان کردووە، نازانم مام رەشاد نووسیویەتی، یان نا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نووسیویەتی دەڵێت هەر راوێژکارێك، یان پسپۆڕێك، یان خەبیرێك ئیختیصاصی هەبێت وەزیر ئیختیاری بکات، بۆی هەیە، لیژنەی یاسایش هەمان شتیان نووسیووە.**

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ببوورە، ئەو چوار موستەشارەی لەسەرەوە ئەندامی دائیمن، دەبێت ئەندامی دائیم بن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من چوار موستەشارەکە ناڵێم، چوار موستەشارەکە دیارە مواسەفاتیان هەیە، لەویَ بڕگە یەکن، (المستشارون) دەبێت لە چوار کەمتر نەبێت، ئەوەش کاك شێروان وەکو وەزارەتەکانی تر، کەسی تر نەما قسە بکات، کاك شێخەڵلاّ فەرموو.**

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە لایەنێکی گرنگ لە ئیختیصاص لەو لیژنە ئیستیشاریە باس نەکراوە، ئەویش جامیعەیە، پێم وایە لە هەموو لیژنەیەکی ئیستیشاری پێویستە نوێنەری جامیعەی لەگەڵ بێت، چونکە هەموو پسپۆڕەکان لە هەموو خەڵك پسپۆڕترن، کولیەی هەندەسە، عەمیدی کولیەی هەندەسە، لە هەموو جامیعەتەکان پێویستە نوێنەری لەگەڵدا بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەقەرەی ئەخیری کە لیژنەی شارەوانی ئیشارەی پێداوە، دەڵێت وەزیر بۆی هەیە هەر راوێژکارێك، یان خەبیرێکی ئیختیصاصی لە ناوەوەی وەزارەت و دەرەوەی وەزارەت، واتا دەتوانێت لە جامیعەش داوا بکاتن، ئەوەش دەیگرێتەوە، کاك بەکر فەرموو.**

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە کاك شێروان دەڵێت بۆ وەزیر هەیە دەعوەتی هەر کەسێکی تر بکات لە هەر وەزارەتێکی تر، پێم وایە تەحدیدی بکەین باشترە، هەندێکیان کە زەرورییە و مولزەمە، کە زۆر پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیە، ئەوەکانی تر وای لێ بکەین، چونکە زۆر جاریش با ئیعتیماد نەکاتە سەر میزاجی ئەو وەزیرە لەگەڵ وەزیرێکی تردا، یان ئەو موئەسەسەیە لەگەڵ موئەسەسەیەکی تردا، بانگی بکات، یان بانگی نەکات، بۆ ئەوەی ئەو موشکیلەمان نەبێت، پێم وایە ئەوانەی کە مولزەم و زەرورین پێویستە ئەندام بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە سەر نوقتەی سفر، وەزیر دەبێت یەکەم جار بە میزاجی ئیش نەکات، بەپێی قانون ئیش بکات، بەپێی بەرنامە ئیش بکات، ئەمڕۆ ئەجندەی بەرنامە دادەنێتن، لە ئەجندەکە هەست دەکات باسەکە لەسەر ئاوە، موحتاجی وەزیری وەزارەتی ئاو و ئاوەڕۆیە، موحتاجی ژینگەیە، بەلاّم لەو بوارەدا موحتاجی وەزارەتی ناوخۆ نییە، یان تەندروستی نییە، خۆی قەرار دەداتن، لە بوارێکی تردا باسی کارەبا دەکرێتن و مەحەتاتی مەحەللی هەیەو شت هەیە موحتاجی ئەوەیە نوێنەری وەزارەتی کارەبا بێتن، لە هەمان کات موحتاجی ئەوە نییە با بڵێین وەزارەتی صناعە بێت، یان کە پەیوەندی نەبێتن، لەبەر ئەوە یەك دەبێت سیقەمان بە وەزیرەکە هەبێتن، دەبێت بزانین وەزیرەکە نابێت بە میزاجی ئیش بکاتن، ئەگەر وا بێت دەبێت هەموو وەزارەتەکان پەیوەندییان هەیە، مەنتیقی ئەوەی وەزارەتەکەی تریش بە هەمان مەنتیق هەیەتی، بە عام بینووسین بۆ ئەوەی ئەو هینەی نەبێتن، هەموو جار مولزەم بێتن وەزارەتەکانی تر بانگ بکاتن، بەپێی بەرنامەو ئیحتیاجی، ئەگەر کەس ئیعتیرازی نەبێتن ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی بەو هەموو تەعدیلاتەی موافەقەتیان لەسەر کرد، لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ کەسایەتی سروشتی و مەعنەوی لە لێزان و پسپۆر لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا گرێبەست مۆر بکات، بۆ ئەوەی گرنگی و ئەرکەکانی پێ بسپێرێت، بۆ ئەو ماوەیەی کە پێی باش بێت لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت ماف و پابەندەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکات، دوای ئەوەی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەردەگیرێت

یەکەم: بەپێڕەو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی وەزارەت دەسنیشان دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکیشمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە تەبیعییە، لیژنەی یاسایی وەکو خۆی ڕەئی لەسەر نییە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، هەروەها لیژنەی شارەوانیش، ئێوەش ئەگەر قسەیەکتان لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: بەپێی پێڕەوی تایبەتی وەزیر گرنگی پسپۆرەکانی دامەزراوەکانی وەزارەت دەست نیشان دەکات بەشەکان و ئەرك و هۆبە و یەکەکانی دیکە دیار دەکات.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکان و هۆبەی تازە دابهێنێت، یان لێکیان بکات، یان هەڵیانبوەشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1 - ئەوەی پەیوەستە بە هەردوو ماددەی حەوتەم و هەشتەمی پرۆژەکە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات لەگەڵ ماددەی حەوتەم لێك بدرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: ئەرك وتایبەتمەندی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دیار دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویست هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یان هۆبەیەك بکاتەوە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت دا، یان لێکیان بدات، یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حکومەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی حەوتەم و هەشتەم، حەوت بە یەکەم و دووەم، هەشتیش دەمج کراوە بەو ماددەیە، لە دەمج کردنەکە صیاغەکەشیان چاك کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی نەصەکە خەلەلێکی تێدایە، ئەو خەلەلەش نەماوە، کەسێك ئەگەر قسەی لەسەر نییە، فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم ماددەیە بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئەویش وەزیر بۆی هەبێت بەشێك لە دەسەلاَتەکانی بدات بە کەسێك، بۆ نموونە ئێمە لە هەندێك شارەوانیدا جاری وا هەیە داهاتێك، دەستکەوتێك دەبێت بۆ ئەو شارەوانییە، ئەگەر سەرۆکی شارەوانی بەشێك لە دەسەلاَتەکانی بداتە سەرۆکی ئەو یەکە شارەوانییە، دەتوانێت خزمەتێکی گەورە بە ناوچەکەی بکات، بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ ئەم وەزارەتە هەر شارەوانییەك بە پلەی یەکەم داهاتەکەی بۆ خزمەتکردنی خۆی بێت، نەك بنێرێتە خەزێنەی دەوڵەت و، جاری وا هەیە بە پرۆژەیەکی پێویست چاککردنەوەی ئاوە، یان ڕێگاوبانێکە بە ساڵ دوا دەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ڕەئیتان چییە لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دانی سەلاَحیەت ئەوە لە یاسایەکە عیلاج کراوە زۆر تەبیعی و ئیعتیادییە، ئەویتریش کە ئیشارەتی پێدا، بەحەقیقەت جێگای لە زیمنی هەیکەل تەنزیمی وەزارەت نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ئەگەر مولاحەزەی نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم: یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان و گەشتوگوزار ژمارە (15) هەڵدەوەشێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کە ئەو یاسایە دەربچێتن، پێویست بەوە ناکاتن، شتێکی رۆتینییە، تکایە ماددەکەی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رەئی لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو وەزارەتە کە بووە دوو وەزارەت حقوق و ئیلتیزامات هەیە، بەتایبەتی وەزارەتی سیاحە، ئەو قانونە ئیلغا دەکرێت، بەس حقوق و ئیلتیزاماتەکە تەسبیت بکرێتن لەو ماددەیە باشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان چیە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نازانم ئەگەر ئەوە لە وەزارەتی سیاحە عیلاج کرا بێت، مانای وایە هیچ پێویست ناکات، ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەگەر عیلاجیش نەکرا بێت، ئەوە دەتوانین لێرە نەصێك داخیل بکەین، زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵام ئەگەر داخیلیشی بکەین، تەقویەی دەکات هیچ زەرەرێکی نییە ئەوەی داخیل بکەین، باشە با تەماشای قانونی وەزارەتی سیاحە بکەین، بزانین چی لێ دێتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی فەرمیەوە جێ بەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەكو خۆی ماوەتەوە، ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونییەوە لە رۆژنامەی فەرمیەوە جێ بەجێ دەكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆر بەسەر دەركردنی یاسای وەزارەتی شارەوانیەكان و گەشتوگوزاری ژمارە (15)ی ساڵی1992دا تێپەڕیوە، لەبەر رێككەوتنی لەگەڵ پێداویستیەكانی بارودۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان و یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی كوردستان لە هەولێر و سلێمانی و پچرانی پەیوەندی دەستەی گشتی گەشت و گوزار لە وەزارەت، بۆیە ئەم یاسایە دەركرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی هەیە بگۆڕێت، ئێستا مەشروعە نوێیەكە تێدا نییە، تازەكە بخوێنەوە، ئەوەی ئێستا دەخوێنێتەوە تازەكەیە، كە پاشی گفتوگۆ لەگەڵ وەزیر و ئیتیفاقیان لەسەر ئەوە كردووە بە عەرەبی دەخوێنێتەوە، بەنیسبەت ئەو ماددەیەی موناقەشەمان كرد دەنگمان بۆ نەدا لە قانونی وەزارەتی سیاحە بەو شێوەیە هاتووە، دەڵێت (هەموو مافەكان و ئیمتیازاتی موئەسەسەی عامەی سیاحەكە حەل كرا لە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی سیاحە، یەعنی چارەسەر كراوە، پێویست ناكات هین بكرێت، خاڵی نیزامە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو موعالجەی كراوە لە قانونی وەزارەتی سیاحە تەنها (فیما یخص امور سیاحة)یە، یەعنی لێرەش پێویستە بڕگەیەك ئیزافە بكەین (فیما یخص امور البلدیات)، من پێشنیاری صیغەیەك دەكەم، یەعنی ماددەی نۆیەم بكرێتە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەكەم وەكو خۆی، فەقەرەی دووەم (تؤول جمیع الحقوق والتزامات المترتبة على قانون رقم (15) لسنة 1992 فیما یخص شؤون البلدیات الى وزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزارەتەكە هەر لە شوێنی خۆیەتی، وەكو خۆی ماوە، لێرە ئیشكالێك و ئالۆزیەك دروست دەكەیت، لەوێ ئەوەی عیلاقەی بە سیاحەوە هەبوو گوتی (تعود الى وزارة السیاحة)، كەواتە ئەم وەزارەتە لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، پێویست بە نەصێكی ئیزافی ناكاتن، ئەو ماددەیە مادام وەكو خۆی هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو مامۆستا كاكە بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لمرور فترة طويلة على صدور قانون وزارة البلديات والسياحة رقم (15) لسنة 1992 ولعدم انسجامها مع متطلبات الظروف الحالية لاقليم كوردستان واتحاد ادارتي اقليم كوردستان في اربيل والسليمانية وفك ارتباط الهيئة العامة للسياحة من الوزارة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە مەقصەدی ئەوەیە یەكەم جار لەوێ ئیشارەتی پێداو تەوحیدی دوو ئیدارەكەی كردووەو، پێویست ناكات، چونكە لە هەموو قانونی وەزارەتەكاندا هاتبوو لامان بردووە، موناقەشەتان لەسەر هەیە، فەرموو كاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەسباب موجیبەكە جارێكی تر تەئكید دەكاتەوە دەركردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، خۆی ئەسباب موجیبەكە ئەوەیە كە لێكمان جیا كردۆتەوە، یەعنی سببەكە ئەوەیە ئەو دوو وەزارەتە لێك جیا كراوەتەوە، بۆیە سەبەبی ئەوەیە كە ئێمە یاسایەك بۆ وەزارەتی شارەوانی، لەبەر ئەوەی نووسراوە لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆرە لەسەر دەركردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، قەیدی ناكات كەونە، بەڵام جارێكی تر لێرە تەئكید دەكاتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە زەحمەت نەبێت عەرەبیەكە جارێكی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لمرور فترة طويلة على صدور قانون وزارة البلديات والسياحة رقم (15) لسنة 1992 ولعدم انسجامها مع متطلبات الظروف الحالية لاقليم كوردستان واتحاد ادارتي اقليم كوردستان في اربيل والسليمانية وفك ارتباط الهيئة العامة للسياحة من الوزارة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو فەترە تەویلە موجیب نییە، (نظراً لمرور فترة طويلة) موجیب نییە، (نظراً لاستحداث وزارة السياحة وفك ارتباطها بوزارة البلديات لضرورات تطوير نشاط وعمل وزارة البلديات اصدرنا هذا القانون)، ئێستا صیغەكە وایە، یەعنی مودەكەی پێویست ناكات، (نظراً لفك وزارة السياحة، او لتشكيل وزارة السياحة)، ئەوە صیاغەكەی دوایی چاك دەكەین، فەرموو كاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من شتێكم نووسیووە ئەگەر پێتان باش بێت بۆ هۆی دانانی ئەم یاسایە، یەعنی پێویست بەوە ناكات، ڕێزم هەیە بۆ ئەوەی ئەمەی داناوە، پێویست بەوە ناكات، چونكە وەزارەتی شارەوانی چۆن ماسی بەبێ ئاو ناژیت، خەڵكیش بەبێ وەزارەتی شارەوانی ناژیت، من هەر ئەوەندەم نووسیووە (گەورە بوونی شار و شاروچكەكان لە ئەنجامی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەكی زۆر و، گەیاندنی خزمەتگوزارییەكان لە هەموو بوارەكان زۆر پێویستە بۆ ئەم یاسایە دابنرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوەڵەن ئەو یاسایە بۆ دەرچووە، سەبەبی یەكەم/ كە هەموار كردنیش نییە، یاسایە، لەبەر ئەوەی موئەسەسەی سیاحە بۆتە وەزارەتی سیاحە، وەزارەتی سیاحە تەشكیل بووە (فك ارتباطهم) موئەسەسەی سیاحە بوو، بووە وەزارەتی سیاحە، ئەم قانونە بۆیە دەرچووە، موبەریراتی ئەوە بنووسن لەبەر ئەوەی حاجەتی تەتویر و ئەوانەو ئەوەندەیە، خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە لەمەودوا ئەو وەزارەتانەی كە هەنەو نیزامیان هەبووە تاكو ئێستا قانونیان هەبێت، نەك وەكو ئەوەی ئێستا وەزارەتی هەیە قەیدی ناكات، بەڵام مانای نییە ئێمە وەزارەتێكمان پازدە، شازدە ساڵە وەزارەتە قانونێك، ئێستا بچی قانونێكی تری بۆ دانێیت، ئەی ئەو قانونە چی لێهاتووە، قانونەكەی خۆی چی لێهاتووە، هەموار دەكرێت، بەس مەعقولە قانونێكی تری بۆ دەربكەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتانەی لە پێشمان دێتن و، ئەوەی كە هەیە وەزارەت كە لێی جیا نەبێتەوە، بە ڕەئی من ئەگەر مەجلیسی وزەراش نارد بیت غەڵەتە، ئەوە هەموار كردنی پێویستە، نەك قانونێكی تری بۆ دابنێیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەت ڕاستە مام خورشید، بەس لە بیدایەتی جەلسە وامان گوت، گوتمان وایە، بەس ئەو وەزارەتە لەبەر ئەوەی (فك ارتباطها) موئەسەسەی سیاحە كراوە، ئەوە شتێكی تازەیە، دەكرێت وا بكەین، بەڵام ئەوانی تر كە تەنیا تەعدیلاتە، دەبێت هەموار كردن بێت، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم پرسیارە ئیشكالمان لەلا دروست دەكات، مادام سەرۆكایەتی شارەوانی لە هەردوو پارێزگاكانی هەرێم مودیر عامەو سەر بە وەزارەتە، بەڵام ئێمە لەبەردەم قانونی مەجلیسی محافەزات داین، مەجلیسی موحافەزات بە ڕەسمی لە عێراق بودجەی ئاوەدانكردنەوەی موحافەزات وەردەگرن، لای ئێمەش دێت و